# عَلِيُّ جُمُعَة

## وتێپەڕاندنی سنوورەکان

د. إحسان برهان الدين



# د.علي جمعة

## و تێپەڕاندنی سنوورەکان

نووسینی

د. إحسان برهان الدين

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله والصلاة والسلام على رسول الله وعلى آله وصحبه ومن والاه.

ئەم نووسینە کاتی خۆی وەکو وتارێك لە نێو زنجیرەی بیانناسە کە دواتر وەکو کتێبێك چاپ کراو بڵاو کرایەوە.

ئامانج لە نووسین و بڵاوکردنەوەی ئەم بابەتە ئەو کاتەو ئێستاش دەرخستنی ڕووی ڕاستی ئەوانەیە کە بەناو

ئیسلامەوە بازرگانی دەکەن و خۆیان لە ڕووی مادی و دونیاییەوە پێ دەگەیەنن و تاغوتەکان لەخۆیان ڕازی دەکەن و ڕۆڵی گەورەیان لە سەرگەردانی موسوڵمانان و دوورخستنەوەیان لە دینی حەقدا هەیە.

لەم نامیلکەیەدا تیشك خراوەتە سەر بەشێك لە ژیان و بیروبۆچوون و فەتوا نامۆکانی موفتی پێشووی میسر دکتۆر عەلی جومعة.

داواکارم لە الله عزوجل ئەم کارەمان بە خزمەتێکی دینەکەی بۆ بژمێرێت، چونکە ناساندنی بازرگانانی دین بێگومان واجبێکە بۆ ئەوەی بوار نەدرێن بەناوی دینەوە خۆڵ لەچاوی خەڵکی بکەن و چەمکەکانیان لەلا نەشێوێنن و لە دین ڕاستی کیتاب و سوننەت دووریان نەخەنەوە .

والحمدلله الذی بنعمته تتم الصالحات.

ناوی (علي جمعة محمد عبد الوهّاب) ه ، له دایكبووی ساڵی 1952ز له میسر ، له نێوان ساڵەكانی 2003 بۆ 2013ز موفتی میسر بووه ، له بنچینەدا بەكالۆریۆسی بازرگانی هەبوو، بەڵام دواتر دوكتۆرای له (أصول الفقه ) له زانكۆی ئەزهەر بەدەست هێناوه(كه ئەمەش مشت ومڕوناكۆكیەكی زۆری لەسەره!).

لەسەرەتای لاوێتی باوەڕی بە تەکفیر کردنی فەرمانڕەواکانی عەرەب هەبوو، چونکە کار بە بەرنامەی ئیسلام ناکەن وشەریعەت جێبەجێ ناکەن و زۆر جار باسی زەرورەتی هەوڵدانی دەکرد بۆ گێڕانەوەی خیلافەتی ئیسلامی ، بەڵام پاش چاوپێکەوتنێکی لە گەڵ الشيخ الغماري کە صۆفیەکی مەغریبی بە ناوبانگ بوو ، ئەوی لە میسر کرد بە جێنشینی خۆی و لەو ڕۆژەوە عەلی

جومعە بوو بە خاوەن تەریقەت و ئاڕاستەی باسەکانی گۆڕان بۆ باسی کەراماتی ئەولیا و تەریقەت وحەقیقەت و باسی لەو شێوە.

علي جمعة دوای ئەوەی بوو سۆفییەکی ناودار و دەوری قەرەباڵغ بوو، ڕۆژ لە ڕۆژ پابەند بوونی بە شەرعەوە بە شێوەیەکی بەرچاو کەمی دەکرد و تەنانەت وای لێهات ئاهەنگی

بۆ عید میلادی خۆی دەکرد و لە ناوەڕاستی ئافرەتی نیمچە ڕووتدا وێنەی دەگرت و مۆمی دەکوژاندەوە.

هەروەها علي جمعة لە قۆناغی مەشهوربوونیدا بەوە ناوبانگی دەرکرد کە هاوسەرگیرییەکی زۆری دەکرد بە شێوەی عورفی و لەگەڵ ئەکتەرە میسرییەکاندا و ینەی دەگرت و بڵاویش دەکرایەوە.

ئەمە جگە لە فەتوای سەیرو سەمەرەو پێچەوانەی شەرع و ئیجماع کە بەردەوام لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە بۆی پەخش دەکرا ، هەر لێرەشەوە حکومەتی میسر چاوی خستەسەری و لەلایەن دەزگاکانی ئاسایش و موخابەراتەوە بە بەهانەی ئاسان کۆنترۆڵکردنی لە لایەن دەسەڵاتەوە پێشنیار کرا بۆ موفتی میسر و ئیتر ئەو

پۆستەی وەرگرت، لەم بارەشەوە ولە پاش شۆرشەکەی میسر هەندێ بەڵگەنامە دەستکەوت وراستییەکانی لەو بارەوە ئاشکراکرد.

بە وتەی هەموو ئەوانەی دەکرێت حیساب بۆ ڕاو بۆچوونیان بکرێت، عەلی جومعە نمونەی زانای لە الله نەترس و دینفرۆشە بووە، ، جگە لە عەلمانی و ئەکتەرەکان و خاوەن

تەریقەتە توندڕەوەکانی میسر، کەس دانی خێری پێدا نەناوە ، بە تایبەت دوای دەرکەوتنی حەقیقەتی و هەڵماڵینی پەردە لەسەر هەڵوێست و بۆچوونە پێچەوانەکانی لە گەڵ شەرعیدا کە لە کۆتاییدا ئاماژە بۆ هەندێکیان دەکەین.

📚 لە دژایەتی عەقیدەی سەلەفدا بەبیانووی دژایەتی کردنی وەهابی و

پشتگیری کردنی عەقیدەی ئەشاعیرە ڕۆڵی زۆری هەیە، جۆرەها بوختانی بۆ زانایانی سەلەف دروست کردووە ولەو بارەوە کەمترین وەرەعی تێدا بەدیناکرێت، بۆ نموونە، وەسفی پێشەوایەکی گەورەی وەکو الدارمي دەکات بە تاوانبار ومجرم، بوختانیشی بۆ دەکات کە الله عزوجل ی بەبەرد چواندووە! دەشڵێت من خۆم ئەوەم لە کتێبەکەی داریمی خوێندووەتەوە، لە

كاتێکدا ئەوە نەك هەر درۆیەکە و بنەمایەکی لە ڕاستیدا نییە، بەڵکو ئیمامی الدارمي خۆی هێرشی کردووەتە سەر ئەوانەی ئەو قسەیان کردووە.

📚 باوەڕی بە (توحید الأدیان ) واتە: یەکگرتنی هەرسێ ئایینەکانی ئیسلام و جولەکە ونەسڕانییەت هەیە لەم سەردەمە.

◆ باوەڕی وایە موسوڵمان بۆی هەیە لە ئیسلام هەڵگەڕێتەوەو لە دونیادا هیچی لەسەر نییە و لە قیامەتدا حیسابی لای پەروەردگارێتی.

✍ فەتوای داوە کە موسوڵمان بۆی هەیە لە وڵاتەکانی ئەوروپا دوکانی عارەق فرۆشتن دابنێ و کار بکات لەو شوێنانەی عارەقی تێدا دەفرۆشرێت، یان ڕیبای تێدا ئەنجام دەدرێت و گۆشتی

بەرازی تێدا دەخورێت ، چونکە ئەو شتانە لای ئەوان حەڵاڵە.

📜 فەتوای هەیە دەربارەی جائیز بوونی ئەوەی ئافرەت لە ئیسلامدا ببێتە سەرۆك و هەروەها کەسی نەسڕانیش بەهەمان شێوە.

📜 باوەڕی وایە ئەولیا ئاساییە زینا بکەن و باسی وەلییەك دەکات زینای کردووەو یەکێك لە موریدەکانی ئاوی بۆ گەرم کردووە بۆ غوسلی دوای زینا!

📜 باوەڕی وایە زۆربەی میسرییەکان تەڵاقیان ناکەوێت چونکە لە جیاتی ئەوەی لە کاتی جیابونەوەیان بە هاوسەرەکانیان بڵێن(أنت طالق) دەڵێن: (انت طالء)چونکە مەعلومە ئەوان پیتی قاف بە هەمزە دەگۆڕن.

📜 بانگەشەی ئەوەی دەکرد رسول الله صلی الله علیه وسلم دەبینێت لە غەیری کاتی خەودا و سەلامی لێ دەکات لە کاتی بێداریدا.

📜 پێش لابردنی حسني مبارك فەتوای ئەوەی دەرکرد بەشدابووانی خۆپیشاندانەکانی گۆڕەپانی تەحریر خەواریجن، بەڵام کاتێك کە سەرکەوتن لەفەتواکەی پەشیمان بوویەوە.

📜 پاش کودەتاکەی عبد الفتاح السیسی پشتگیری تەواوی بۆیان دەربڕی و لە کۆبوونەوەیەکی گەورەدا بە ئامادە بوونی خودی سیسی و گەورە ئەفسەرانی سوپای میسر، فەتوای

ئەوەی دا ئەوانەی خۆپیشاندان دەکەن لە رابیعەو شوێنەکانی تر خەواریجن و بیانکوژن و دەستیان لێ مەپاریزن، هەروەها وتی الله و پێغەمبەرەکەی پشتیوانی ئێوەن لە کارەکەتان.

✨ چەندین وێنەی هەیە لە گەڵ ئەکتەرە ئافرەتەکانی میسر بە پێکەنینەوە گرتویەتی لەوکاتەی موفتی میسر بووە.

✨ له شوێنێکدا پرسیاری حوکمی دیموکراتی لێ دەکەن، دەڵێت: مەعقول نییە دیموکراتی کە ڕۆژئاوا ساڵانێك هەوڵ و کۆششی بۆ کردووە کوفر بێت، یان شتێکی خراپ بیت!

🍿 ساڵانێك پێش ئەوەی ببێتە موفتی میسر دەیوت نقاب بۆ ئافرەتان فەرزە ، کە بووە موفتی وتی ئەوە عادەتی عەرەبەکان بووە و من خۆم فەرمانم

کردووە بە خیزان و کچەکانم وازی لێ بهێنن و نەیپۆشن!

✨ پرسیاری لێ کرا ئایا گۆرانی حەڵاڵە ، وتی: عبد الحليم حافظ بە ڕەحمەت بێت پیاوێکی ئیماندار بووەو مەبەستی لە گۆرانی (أبو عيون جريئة) پێغەمبەر بووە صلى اللّٰه عليه وسلم!

☕ لە پرسەی کوڕەزایەکی حسني مبارك دا بڕیاریدا کە ئەو مردووە ئەهلی بەهەشتە و هەروەها دایك و باوکیشی

و زۆر شتی پێچەوانەی عەقیدەی ئیسلام وت کە بە ڤیدیۆ هەیە.

◆ لە کتێبێکیدا کە پڕە لە فەتوای پێچەوانەی شەرع دەڵێت: جائیزە ئەو کچەی زینای کردووە پەردەی کچێنی خۆی بدورێتەوە بە نەشتەرگەری بۆ ئەوەی لە مێردەکەی بشارێتەوە.

◆ دەربارەی زەواجی موتعە و زۆر پرسی تر بیرو بۆچوونی گەلێك نزیکە لە بیروبۆچوون و عەقیدەی شیعەکانەوە.

ئەمانەی خوارەوەش بەخێرایی هەندێکی ترن لە بیروبۆچوونە پڕ لە جەهل و بێ شەرمانەکانی بەرانبەر شەریعەتی ئیسلام و موسوڵمانان، کە لایەکەوە مایەی خەفەت و لەلایەکی ترەوە مایەی

پێکەنینن، هەموویشی بە ڤیدیۆ لە یوتیوب هەن:

🦁 (أبو الهول) ئەو پەیکەرەی لە لای هەرەمەکانی جیزەیە لە قاهیرە، پێغەمبەر إدريس ه عليه السلام.

👀 ئاوخواردنەوە لە دوای زیکرکردن گەرموگو{ی دڵ سارد دەکاتەوە، بۆیە باشتر واية دوای زیکر کردن تاکو بیست دەقە ئاو نەخورێتەوە.

🤨 فەتوای هەیە لە حەڵاڵ کردنی سووی بانکەکان واتە ڕیبای حەڵاڵ کردووە.

🤯 دەڵێت ڕوحی مردووەکان شتێکیان هەیە وەکو گوگڵ ئێرث یان وەکو سەتەلایت وایە! جێگای گۆڕەکەی پێ دەدۆزێتەوە.

👁 هەرکێ لە ئەزهەر بخوێنێت، ئەوا الله دلی رووناك دەکاتەوە ورێگای ڕاستی نیشان دەدات.

🧐 دەڵێت: ئەولیاکان بۆیان هەیە زینا بکەن و جگەرە و نێرگەلەش بکێشن.

- دەڵێت: ئەگەر پیاوێك هاوسەرەکەی هەر شتێك بکات بەڵام کەمتر لە زینا، با چاوپۆشی لێ بکات، ئینجا دەڵێت: پێش ئەوەی بگەڕێیتەوە ماڵ: تەلەفونێك بۆ ژنەکەت بکە، نەوەك پیاوێکی لەگەڵدا بێت، ڕێگەی بۆ بڕەخسێنە بابڕوات.

تێبینی: ئەمەی باسم کرد لەم چەند دێڕەدا تەنها وەکو نموونە هێناومەتەوە، عەرەب واتەنی: (غيض من فيض) ، یان وەکو کورد دەڵێن مشتێکە لە خەروارێك! ئەگەر نا پەڕاوگەی عەلی جومعە وەکو شەوی تاریك ڕەشە وفەتواو قسەکانی لە فەتواو قسەی موسوڵمانان ناچێت.

**له كۆتاییدا ئەڵێم:** عەلی جومعە چەند ساڵێك لەمەوبەر سەردانی قودسی كردووە لە ژێر چاودێری دەوڵەتی جولەكەدا لەوێ ماوەتەوە ، ئەوەش بووە مایەی نارەزاییەكی زۆر ئەو كاتە.

- هەروەها لەبەر هەڵوێستەكانی ( سەبارەت بە ناشیرینكردنی ئیسلام) لە لایەن زانكۆی لیڤەرپول لە ئینگلتەرا خەڵات كرا و رێزی لێ نرا، جگە لە

چەندین دوکتۆرای فەخری لە لایەن ئەوانەی چاویان بە سەروەری شەریعەتی ئیسلام وعەقیدەی تەوحید هەڵنایە.

شایانی باسە، زۆربەی ئەمانەی باسم کردووە بە دەربڕینی خۆی بە ڤیدیۆ لە یوتیوبدا هەیە وخۆیشی خاوەن ئوسلۆبێکی سەرنج راکێش وخۆشە لە قسەکردندا،

زۆر جاریش بە شێوەزاری میسری قسە دەکات.

إحسان برهان الدین/2015-9-3 سلێمانی